# مەرگ لای حاجی قادری کۆیی

**مزەفەر مستەفا ئیسماعیل**

بەشی کوردی، فەکەڵتی، پەروەردە، زانکۆی، سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

مەرگ لە دێرزەمانەوە پرسیار و بابەتێکی سەرەکی جێی سەرنجی مرۆڤ بووە و هەر لەبەر ئەمەش لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە هەوڵیداوە نەمریی بەدەست بێنێ و لە کاتێکیشدا، کە زانیویەتی ناتوانێ دەستی بەوە ڕابگا، پەنای بردووەتە بەر فەلسەفە و بۆچوونی تایبەت بە مەبەستی سوکنایی بەخشین بەخۆی و بەرگەگرتنی ئەو ڕاستییە تاڵە. بەشێک لەمەش لە چوارچێوەی باوەڕە ئاینییەکاندا ڕەنگیداوەتەوە، کە ڕەنگە دیارترین جۆری ڕوانینەکان بۆ مەرگ بێت. لەژێر ڕۆشنایی گرنگی مەرگ و کاریگەری لەسەر هزر و بۆچوون و کردەوەی مرۆڤ و هەروەها ئەو ڕاستییەش، کە حاجی قادری کۆیی پیاوێکی ئایینی منەوەری سەردەمی خۆی بووە، ئەم توێژینەوەیەمان بۆ دەرخستنی چییەتی مەرگ لە ڕوانگەی ناوبراوە وە بە ناونیشانی (مەرگ لای حاجی قادری کۆیی) ئەنجامدا.

توێژینەوەکە هەوڵ دەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە. ئایا مەرگ کۆتایی ژیانە؟ مەرگ سەرەتای ژیانێکی ترە؟ بەمەرگی کەسێك کۆتایی بە هەموو شتێك دێت؟ جۆرەکانی مەرگ چین؟ حاجی قادری کۆیی وەکو کەسێکی ڕۆشنبیر و شاعیر و دیدگای چیبووە بەرامبەر مەرگ و لە شیعرەکانیدا چۆن باسی مەرگی کردووە؟

ئەم توێژینەوەیە بە مێتۆدی وەسفی شیکاری ئەنجامدراوە، دابەش کراوەتە سەر دوو بەشی سەرەکی. لە بەشی یەکەمدا هەوڵدراوە چەمکی مەرگ و ڕوانینە جیاوازەکان لەبارەی مەرگەوە ڕوونبکرێتەوە و لە بەشی دووەمیشدا، کە پراکتیکییە ئەو شیعرانەمان بە نموونە هێناوەتەوە، کە شاعیر باسی مەرگ دەکات و بۆ چوونی خۆی لەمبارەیەوە دەخاتە ڕوو.

لە کۆتاییدا بە چەند ئەنجامێك گەیشتووین وەك ئەوەی حاجی باس لەوە دەکات، کە مرۆڤەکان دەتوانن بە هۆی کردەوەکانیانەوە دوای مەرگیش لە ژیان بەردەوامبن. دواتر سەرچاوەکانمان ڕیز کردوون و کورتەی توێژینەوەکەمان بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خستۆتە ڕوو.

**وشە کلیلەکان:** مەرگ، حاجی قادر، ئایین، ژیان، شیعر.

## پێشەکی

ئاشکرایە مەرگ چەمکیکی ڕووتە، واتە هەتا ماوی لە ژیان ناتوانیت بچیتە ناو ئەو پرۆسەیەوە کاتێکیش چوویتە ناوی ناتوانیت بگەڕێیتەوە بۆ ئەم ژیانە و باسی ئەو دنیا بکەیت، کە چیت بەسەر هاتووە و چۆنت گوزەراندووە، هەر لەبەر ئەوەشە باڵێکی ئەو پرۆسەیە لە ناو فەلسەفە دایە و وەك باسمان کرد بۆتە جێی سەرنجی فەیلەسوفانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات چییەتی مەرگ شیبکاتەوە و بۆچوونە جیاوازەکان لە بارەی مەرگ بخاتە ڕوو. توێژینەوەکە، بە میتۆدی وەسفی شیکاری خراوەتە ڕوو و هەوڵ دەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە. ئایا مەرگ کۆتایی ژیانە؟ یان مەرگ سەرەتای ژیانێکی ترە؟ شێوەکانی مەرگ چین؟ ئایا بەمەرگی کەسێك کۆتایی بە هەموو شتێك دێت؟ جۆرەکانی مەرگ چین؟ ئایا حاجی قادری کۆیی وەکو کەسێکی ڕۆشنبیر و شاعیر و نووسەر دیدگای چیبووە بەرامبەر مەرگ و لە شیعرەکانیدا چۆن باسی مەرگی کردووە؟ سنووری توێژینەوەکەشمان دیوانی حاجی قادری کۆییە.

## بەشی یەکەم:

### ١.١. چییەتی مەرگ:

مەرگ لەمێژە خەڵکی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە وای لە مرۆڤەکان کردووە، کە هەمیشە بیری لێبکەنەوە، لە لایەك ترسیان لێی هەبووە و لەلایەکی ترەوە ویستویانە بەهەر نرخێك بێت خۆیانی لێ ڕزگار بکەن، بۆیە بیریان لە چەند ڕێگایەك کردۆتەوە

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٦، ژمارە ٢ (٢٠٢٣)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٥ ایلول ٢٠٢٣؛ پەسەندکردن: ١ تشرینی یەکەم ٢٠٢٣
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ١٢ ئازار ٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەران: mudtafar.ismahil@soran.edu.iq
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٣ **مزەفەر مستەفا ئیسماعیل**
گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.٠

Original Article |**DOI**: https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp243-251

بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە. یەکێك لە ڕێگاکان ئەفسانە و بیرو باوەڕە کۆنەکان و یەکێکیتر ئایینەکانن.

((دانیشتوانی کۆنی نێوان دوو ڕووبار باوەڕیان وابوو، کە مرۆڤ پێکهاتەیەکی دوانەیی هەیە ماددەکە جەستەیە و واتاییەکە گیانە. ئەم دوانەش لە بیرو باوەڕی یەکتاپەرستی لێك نزیك بوونەتەوە))(حنون،٢٠١٨: ١٦)، لەم دەربڕینەدا دەردەکەوێت، کە مرۆڤ پێکهاتەیەکی دوانەیی هەیە، نەك سییانی ئەوانیش جەستە و ڕۆحن دیارە بە پێی بیر و باوەڕی زۆربەی ئەفسانەکان جەستە لەناودەچێت و ڕۆحیش دەمێنێتەوە. هەمان نووسەر پێی وایە((نەمریی تایبەتمەندییەکی خواوەندەکانە، لە کاتێکدا ڕۆژەکانی مرۆڤ دیاریکراون))(حنون،٢٠١٨: ١٥٩)، کەواتە مرۆڤەکان هەر مەرگ چارەنووسیانە و هەر یەکەو لە کاتی خۆی کۆتایی بە ژیانی دێت.

مەرگ لە دێر زەمانەوە لە سەرچاوە ئایینی و زانستییەکاندا پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە و بایەخی پێ دراوە. ئایینە ئاسمانییەکان و زەمینییەکان بایەخێکی تەواویان بە مەرگ یان مردن داوە، لە ئینجیلی (مەتی)دا هاتووە(( مەترسە لەو کەسانەی کە جەستە دەکوژن بەڵام توانای کوشتنی ڕۆحیان نییە، بەڵکو لەو کەسە بترسن کە دەتکوژێت، ئەو قەدەرە لە دۆزەخدا هەم ڕۆح و هەم جەستە لەناو دەبات.)) ( متی،٢٨:١٠)واتە مرۆڤ هەمیشە هەڕەشەی مەرگی لەسەرە، ئەگەر بە کوشتن بێت یان بە مەرگ، بەڵام مەرگی جەستە گرنگ نییە گرنگ ڕۆحە، لەو کەسانە بترسین، کە خودی خۆمان دەکوژێت ئەو کاتە هەم ڕۆح و هەم جەستەش لە ناو دەبات. ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت تەنها لە دنیادا ڕۆح لە جەستە گرنگترە لە دواڕۆژدا هەم جەستە و هەم ڕۆحیش دەچنە یەك ئاستەوە، لەبەر ئەوەی لەوێ دواڕۆژێکی تر نییە هەتا چاوەڕوانی بین، مردنێکی تریش نییە، بەڵکو ژیانێکی جاویدانییە بەخۆشی بێت یان ناخۆشی.

هەر لە ئینجیلی(مەتی)دا هاتووە(( ئەگەر بژین بۆ یەزدان دەژین و ئەگەر بمرین بۆ یەزدان دەمرین. ئەگەر بژین یان بمرین، هی پەروەردگارین.))( ڕۆمییە،٨:١٤) واتە مرۆڤ بۆ خۆی ناژێت و بۆ خۆیشی نامرێت، بەڵکو هەموو ژیان و مردنی بۆ خودایە. مرۆڤ خاوەنداری خۆی ناکات، بەڵکو ئەوە خودایە کە خاوەنداری جەستە و ڕۆحی مرۆڤەکان دەکات. ئەمەش ڕێك لەگەڵ ئەو ئایەتەی قورئانی پیرۆز دێتەوە، کە دەفەرموێت((قُلۡ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحۡيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ))(الأنعام:١٦٢) ئەمەش وێکچوونی هەردوو ئایینەکان دەردەخات لە ڕووی فەلسەفەی ئایین و گوێڕایەڵی بۆ خودا.

حاڵەتێکی مرۆڤ دوای مەرگ، کە کاریگەری لە دوای خۆی بە جێدێڵێت (دۆنایدۆن) یان (تناسخ الأرواح)ە. لەم هەلومەرجەدا کاتێك مرۆڤێك دەمرێت ڕۆحەکەی دەچێتە لاشەی کەسێکی تر،(( ئەم دۆنایدۆنانە لە لەشی مرۆڤاندا یان لە جەستەی ئاژەڵێکدا یان ڕۆحەکە دەچێتە ناو درەختێك و بێگیانێکەوە))(سەراج، ٢٠١٣: ٩٠)، بە پێی ئەم بیر و باوەڕە بێت کاکەییەکان یان ئەهلی حەق لەسەر ئەم بیر و بۆچوونەن کاتێك دەبینین کەسێك گۆڕانکاری بەسەر داهاتووە: بۆ نموونە لە مرۆڤێکی باشەوە بووەتە خراپ ئەوا ڕۆحی کەسێکی خراپی مردوو چووەتە ناو لاشەی ئەم کەسەوە. بە پێچەوانەش هەر ڕاستە.

لە بارەی مەرگەوە خودای گەورە لە قورئانی پیرۆز دا دەفەرموێت((قُلْ إِنَّ الْمَوْتَ الَّذِي تَفِرُّونَ مِنْهُ فَإِنَّهُ مُلَاقِيكُمْ ۖ ثُمَّ تُرَدُّونَ إِلَىٰ عَالِمِ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ)) (سورەتی الجمعة ئایەتی ٨) هەروەها دەفەرموێت: (( أَيْنَمَا تَكُونُوا يُدْرِككُّمُ الْمَوْتُ وَلَوْ كُنتُمْ فِي بُرُوجٍ مُّشَيَّدَةٍ))( سورەتی النساء ئایەتی ٧٨).

لەم دوو ئایەتەی سەرەوە دا بۆمان دەردەکەوێت مەرگ داهاتوویەکی حەتمییە، هەروەك لە ئایەتی یەکەمدا دەردەکەوێت کە خودا دەفەرموێت: ئەی محەممەد پێیان بڵێ ئەو مردنەی کە لەبەری ڕادەکەن هەر پێتان دەگات، پاشان بۆ لای خودای زانا بە غەیب دەگەڕێنەوە و پاشان هەواڵتان پێدەدەین بەو کارانەی ئەنجامتان داوە.

پرسیار لە مەرگ و مردن و تەنانەت لە دوای مەرگ چی ڕوودەدات؟ ئایا مردوو ئاگای لە دنیای دەرەوەیە؟ کەواتە ئەوەی مێشکی مرۆڤی سەرقاڵکردووە تەنها ڕوودانی مەرگەکە نییە، بەڵکو دوای مردن چی دەبێت ئەوەش مرۆڤی خستۆتە بیرکردنەوەیەکی قووڵەوە و لە پێشدا مرۆڤی سەرەتایی(( نەیتوانیوە باوەڕ بەوە بکات، کە مردن ڕووداوێکی سروشتییە، بۆیە هۆیەکی لە ژوور سروشتەوەی بۆ داناوە، جێگەی سەرنجە ترس لە مردن هەستێکی سەرسوڕهێنەرە و مرۆڤ هۆکارەکەی نەزانیوە ئەم هۆکارەش بیروڕای دینی لێ پەیدابووە))(عەباس،٢٠٢١: ١١٣)، بەمشێوەیە دەبینین مرۆڤی جاران بڕوای وابووە، کە مردن و مەرگ شتێکی ئاسایی نییە، بۆیە هۆکارەکەی بۆ هێزێکی پەنهان و گەورە دەگەڕاندەوە. ئەمەش بۆ ئەوە بووە کە بە لایەنی کەمەوە سوکنایەك بە دەروونی خۆی بدات.

لێرەوە دەتوانین بڵێین خودی مەرگ بۆتە هۆکاری گەورەبوون و نائاساییبوونی مەرگ، چونکە نە زیندووەکان دەتوانن هەواڵێکی مردووەکە بزانن و نە مردووەکەش جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ دنیا و تا هەواڵی دوای مردنەکەی بە زیندووان ڕابگەیەنێ.

(( مردن تراژیدیایەکی تاڵی ژیانی مرۆڤە، هەر لە دوای لە دایکبوونییەوە بەردەوام لەگەڵیدایە و هەرگیز لێی دوور ناکەوێتەوە و کۆتاییهاتنی جیهان بە مانای کۆتاییهاتنی بەردەوامی مردنی مرۆڤە))(خۆشناو،٢٠١٣: ١٧٧)واتە مردن بەردەوام دەبێت هەتا ئەو ڕۆژەی جیهان کۆتایی دێت و کەس نامێنێت ئینجا مردنیش کۆتایی دێت، ئەمەش بیر و باوەڕی زۆربەی ئایینەکانە.

مردنیش بۆ ئەوەی بوونی خۆی بسەلمێنێت پێویستی بە ئێمەی مرۆڤە ((واتە وەك چۆن بوونی مرۆڤ حوکم دەکرێت لەلایەن مردنەوە، ئاواش مردن بۆ سەلماندنی خۆی پێویستی بە مرۆڤە، وەك بڵێی مرۆڤ قوربانییەکی ناسێنەری مەرگ بێت، بۆ ئەوەی مەرگ بوونی خۆی بسەلمێنێت ئێمەی مرۆڤ دەبێ بمرین تا بوونی ئەو بسەلمێنین))(عوسمان،٢٠١٢: ٦).کەواتە مەرگی ئێمە یەکسانە بە بوون و بە دیارکەوتنی خودی مەرگ و مردن. ئێمەش لەم پرۆسەیەدا بەرکارین واتە بەدەست خۆمان نییە و هەر دەبێت وابێت.

پرسی مەرگ لە ئاستی تاك و کۆمەڵدا جیاوازە(( لە ئاستی هۆشیاری کۆمەڵایەتی سادە بووەتەوە، بە جۆرێك کە بە کۆمەڵێك دڵدانەوە و سەرەخۆشی بەڕێدەکرێت، بەڵام لە ئاستی هۆشیاری تاکدا جگە لە ترس و دڵتەنگی و شۆك، سیحر و نهێنیشی لە خۆیدا شاردۆتەوە))(کەریم، ٢٠١٣: ٦٩)، واتە بیرکردنەوە لە مەرگ لە ئاستی تاکدا بەرزترە وەك لە کۆمەڵگە و کۆمەڵگە زۆربەیان مەرگ لە خۆیان بە دوور دەگرن و ئەوەندە مردنی کەس وکار و دۆست و دراوسێیان بینیوە لایان ئاسایی بۆتەوە، هەرچی تاکە بە قووڵی بیر لە مەرگ دەکاتەوە و دەیەوێت لە ڕایەڵ و نهێنییەکانی تێبگات کە ئەوەش جۆرەها ڕای جیاوازی لەسەر مەرگ دروستکردووە و تەنانەت هەندێك لە کەسانی ئاسایی و کەسانی زانا و ڕۆشنبیر کۆتایی بە ژیانی خۆیان دێنن و دەچنە ناو پرۆسەی مردنەوە.

زانا و فەیلەسوفانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هەریەکەیان و بە جۆرێك باسی مەرگیان کردووە بۆ نمونە لە پێش بوونگەرەکان(( بەو جۆرە بوو، کە مرۆڤ بوونەوەرێکی ئاقڵ(خاوەن ژیری)یە، دیکارت ئەم تێڕوانینەی چەسپاند، بۆیە پێشی وابوو، کە ئەقڵ بە نەمری دوای مەرگیش دەمێنێتەوە))(کەریم،٢٠١٣: ٧٧)، ئەقڵ ئەو چەمکە پڕ لە بەهایەیە، کە مرۆڤ لە ئاژەڵ و بوونەوەرەکانیتر جیا دەکاتەوە. گوتراوە ئەقڵ لە دایك و باوك باشترە بۆ مرۆڤ. بەپێی بۆچوونەکەی دیکارت بێت دوای مردنیش ئەقڵ هەر بە نەمری دەمێنێتەوە ئەمەش لە ڕاستییەوە نزیکە، چونکە ئەقڵی مرۆڤ ئەوەتا بۆ نەوەکانی ماوەتەوە و لەسەری دەڕۆن.

لە بیر وباوەڕی ئاشوری و بابلی ((بەمشێوەیە سەیری مردن نەکراوە، کە کۆتاییەکی حەتمی ژیان بێت و لەناوچین، بەڵکو واتای جیابونەوەی جەستەیە لە ڕۆح. یەکەمیان شیدەبێتەوە و دووەمیان گواستنەوەی ژیانە لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی تر))(شورون، ١٩٦٤: ٢١)، ئەمەش واتای ئەوەیە، کە هەمیشە ڕۆح و ناخ لە جەستە و توێکڵ گرنگترە.

مەرجیش نییە ئەقڵی کۆمەڵگا لەگەڵ ئەقلی تاك یەك بگرێتەوە چونکە((کۆمەڵگە کر دەکەوێت لەسەر کۆمەڵە ئایدیۆلۆژیایەك، بەڵام عەقڵ بەم بنەمایە کار ناکات و هەمیشە شتەکان لە ناو پرسیاردا دەهێڵێتەوە، ئەم پرسیار و گومانەی عەقڵ کێشە دروستدەکات بۆ کۆمەڵگە. لەوێدا کۆمەڵگە نایەوێت ئەو بناغە ئەستوورەی خۆی، کە دایکوتاوە لە ناو زەینی تاکەکاندا تێکی هەڵوەشێنێت))(عەبدوڵلا، ٢٠١٩: ٩٨) گۆشەنیگای تاك و کۆمەڵ بۆ چەمکەکان وەکو یەك نییە کۆمەڵگە هەوڵدەدات هەژموونی خۆی بەسەر تاکەکاندا زاڵ بکات وەك لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تاك بۆ خۆی ناژێت و دەکەوێتە بەر هەژموونی کۆمەڵگە، بەڵام لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا تاك ئازادە و کاریگەریش لەسەر کۆمەڵگە دادەنێت.

سەبارەت بە چەمکی ئەقڵیش هەرکاتێك ئەقڵی تاکی ڕۆشنبیر و زانا و فەیلەسوفەکان کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە دانا، ئەوا دەکەونە دژایەتیکردنی ئەو ڕەوتە و زانا و داناکان لە کونجی زیندان دەکەن کە نموونەیان زۆرە.

پرسیارەکە لێرە ئەوەیە چ شتێك یان چ ئایدیۆلۆژیایەك دەتوانێت وەڵامی مردن بداتەوە یان ڕووبەڕووی ببێتەوە و وا لەمرۆڤەکان بکەیەنێت، کە مردنیش وەکو هەر ڕووداوێکی ژیان واقیعییەتی ژیانە واتە(( مردن ئەو حەقیقەتە بوونییە قووڵە ڕاستگۆییەیە، کە مرۆڤ لە درۆکردن دووردەخاتەوە، مادام مردن هەیە کەواتە ئایین هەیە، ئایین تاکە وەڵامە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەرگ))(الرفاعی، ٢٠١٩: ١٨) بۆیە دەتوانین بڵێین تەنها ئایین دەتوانێت وەڵامێکی ئەرێنی بۆ مردن بدۆزێتەوە بەوەی مردنیش وەك هەر ڕووداوێکی واقیعی ژیان قورسە، بەڵام ئەستەم نا، چونکە پێی وایە مردن کۆتایی ڕێگاکە نییە و دەسپێکی ڕێگایەك و ژیانێکی ترە.

مرۆڤ ویستوویەتی لە مەرگ تێبگات، بۆ ئەوەی بتوانێت چارەسەرێکی بۆ بدۆزێتەوە، بەڵام بەدرێژایی مێژوو هەموو هەوڵەکان بۆ ئەم مەبەستە بە فیڕۆ چوون، چونکە هیچ چارەسەرێکی نییە، بۆیە مرۆڤ هەوڵیداوە هیچ نەبێت بزانێت لە دوای مردن چی ڕوودەدات. ئایین و ئەفسانە ئەم دوو هێزەن، کە فریاد ڕەسن و لەمبارەیەوە ئاسوودەیی بە مرۆڤ دەگەیەنن(( ئەفسانەی مردن و کۆتایی جیهان و زیندوو بوونەوە و نوێبوونەوەی جیهان و بەردەوامی ژیانێکی نەمرانە لە شوێنێکی تایبەت، لای نەتەوە جیاجیاکان بە هێڵ و سنووری جیاوازدا گوزەر دەکات کە ڕەگەکەی بۆ بیر و باوەڕ و تێڕوانینی ئایینی ئەو میللەتانە دەگەڕێتەوە))(خۆشناو،٢٠١٣: ١٧٨)ئەو بیر و باوەڕە، گشت ئایینە ئاسمانییەکان پشتڕاستییان کردۆتەوە.

ئایین گرێ کوێرەی مردنی خاو کردۆتەوە. ئەوەتا ئەوانەی هەڵگری پەیامی ئایینن هەرچەندە بە ڕووکەش خۆیان وا نیشان دەدەن، کە لە مردن ناترسن، بەڵام لە ڕاستیدا وانییە((مردن هەمیشە دیارێکی نادیار بووە، بەڵام مرۆڤ زۆر کات تەنیا بە دیوە دیارەکەی ئاشنایە. هەر لەبەر ئەمەیە، کە ئایین بەردەوام بە گرنگییەوە باسی مردن دەکات و هەوڵ دەدات دیوە نادیارەکەی دیار خات))(عوسمان،٢٠١٣: ٧)هەر کاتێك مرۆڤ باوەڕی بە میتافیزیك هەبوو، ئەوا شتە نەبینراو و نادیارەکان لە ناو سەبەتەی میتافیزیکدا جێگایان دەبێتەوە و هیچ کێشەیەك لەگەڵ بیر وباوەڕ و مرۆڤەکان دروست ناکات.

لە کۆتایی ئەم باسەدا دەتوانین بڵێین مردن میوانێکی ناوەختی هەموو ماڵێك و کەسێکە، لە کاتێکدا کات و ساتی هاتنی ئەم مێوانەش دیار نییە و بە ئاساییش ژیانی مرۆڤ دەڕواو بەردەوام دەبێت.

## ٢.١. ڕوانینە جیاوازەکانی مەرگ

هەرمرۆڤێك و بە جۆرێك باسی مەرگ دەکات، لە کاتێکدا مردن یەك پاکێجی هەیە، ڕۆح لە لاشە جیادەبێتەوە و لەم دووریانەی مردن لەیەك جیادەبنەوە و بەشێکی زۆر لە خەڵك بڕوایان وایە کە لە دوارۆژدا ئەو لاشە و ڕۆحە بە یەکتری دەگەنەوە و ئیتر جارێکی تر نامرن و تا هەتایە پێکەوە دەبن. هەندێك کەسیش پێیان وایە کە مرۆڤ لە دنیادا مرد، ئیتر تەواو هەموو شتێك کۆتایی دێت. وا لە خوارەوە دا باسی بیروڕا جیاوازەکانی مەرگ دەکەین.

**مردن سەرەتای ژیانێکی ترە:** ئایینە ئاسمانییەکان گشتییان باس لەوە دەکەن، کە مرۆڤ دەمرێت ئەوا دەچێتە ژیانێکی ترەوە و سەرەتای ژیانێکی نوێ بۆ مردووەکە دەستپێدەکات. بۆ گەیشتن بەم ژیانەش پێویستە بمرێت بۆ ئەوەی ببینێت. ((پرسی مەرگ ڕاستەوخۆ لە فەلسەفەی کۆن و جیهانبینی ئاینیدا بە گشتی شێلراوە لەگەڵ پرسی گیان و نەفسدا، بەڵام لە فەلسەفەی نوێدا مەرگ تایبەتمەندی خۆی وەرگرتووە و کەمتر دەبەسترێت بە چەمکی نەفس و گیانەوە و زیاتر پرسێکە لە بوونی مرۆڤانە))(کەریم،٢٠١٣: ٧٢)واتە مەرگ پەیوەندیدار بووە بە دەرەوەی خۆی ئەویش نەفس و گیانە یان ڕۆحە، لەلایەکی ترەوە مەرگ پەیوەندیدارە بە جەستەی مرۆڤەکان، ئەگەر جەستە نەبێت ڕۆح و نەفس لەکوێ بوونی خۆیان بسەلمێنن و مەرگ بە چی دەربکەوێت واتە ئەگەر جەستە نەبێت چی بمرێت، بۆیە پرسی مەرگ وەك سەرەتای ژیانێکی تر لە زۆربەی بیر و باوەڕی خەڵکی باوەڕدار ڕەنگی داوەتەوە.

کتێبە ئاسمانییەکان جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە، کە لە دوای مردن ژیانێکی تر چاوەڕوانی هەمووومان دەکات، چەندین ئایەتی قورئان بەڵگەن بۆ ئەم بیر و بۆچوونە. بەشێك لە فەیلەسوفانیش مردن بە سەرەتای ژیانێکی تر دادەنێن وەك ئەفلاتون دەڵێت:((خەونێکی هەتا هەتایی خۆشییەکی زۆر بە (شا)ش دەبەخشێ نەك مرۆڤی ئاسایی. هەروەها گەر مردن گواستنەوەی ڕۆح بێت، ئەوا ئامادەم نەك جارێ چەندین جار بمرم، چونکە جیهانەکەی تر ڕاستەقینەیە نەك ئەم جیهانە، ژیانێکی جاویدانی لەوێ هەیە))(عوسمان،٢٠١٣: ٤٦)دیارە چەمکی جیهانی ڕاستەقینە بە

Original Article |**DOI**: https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp243-251

پێی بیروباوەڕی کەسەکە دەگۆڕێت. ئەفلاتوون مەبەستی جیهانی نمونەییە، کە خۆی باسی دەکات و لە مەسەلەی دوورکەوتنەوەی شاعیران لە ڕاستی و حەقیقەت باسێکی روون و ئاشکرایە. واتە ئەفلاتون باوەڕی وایە کە ڕۆحی مرۆڤەکان نامرێت و بە نەمری دەمێنێتەوە.

هەر ئەفلاتون خۆی پێداگری لەسەر ئەو ڕایە نەدەکرد و ((درکی بە کەمیی بەڵگەکان کردبوو لە بارەی نەمری ڕۆح ئەوەی بەڵگەی لەسەر هەبوو ئەوەبوو، کە مردن کردارێکە کاریگەری تەنها لە کۆئەندامی جەستە دەکات، ڕۆحیش بەمە نامرێت، بەڵام ئەمەش جەخت لەسەر ئەوە ناکاتەوە، کە ڕۆح لە ژیان بەردەوام دەبێت دوای مردنی جەستە))(شورون،١٩٦٤: ٥٥)، واتە ئەفلاتونیش باوەری بە جیهانی نمونەیی هەیە، بەڵام بۆ ئێستا نەك داهاتوو.

مەسەلەی نەمری ڕۆحەکان و ڕۆحی مرۆڤ بیر و ڕای جیاوازی لەسەرە و زۆربەی ئاینەکان باوەڕیان وایە، کە ڕۆحی مرۆڤ نەمرە و دوای مەرگی کەسەکە ڕۆح دەچێتە ژیانی بەرزەخ و تا ڕۆژی دوایی دێت ئەو ڕۆحە یان لە شوێنێکی خۆشدایە یان لە شوێنێکی ناخۆشدایە هەروەك خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز دا دەفەرموێت:( لَعَلِّي أَعْمَلُ صَالِحًا فِيمَا تَرَكْتُ كَلاَّ إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَائِلُهَا وَمِن وَرَائِهِم بَرْزَخٌ إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ) (سورەتی المؤمنون، ئایەتی ١٠٠) واتە: بەڵکو چاکە ئەنجام بدەم و کاری باشە بکەم و ئەو دەرفەتانەی، کە لە دەستم چووە لە مەودوا لە دەستی نەدەم، بەڵام تازە کار لە کار ترازاوە شتی وا مەحاڵە، بۆیە بە توندی پێی دەوترێت نەخێر ئەوە قسەیەکە ئەو بۆ خۆی دەیڵێت، بەڵکو دەبێت لە جیهانی بەرزەخدا لە نێوان مردن و زیندووبوونەوە دا تا زیندوو دەکرێنەوە چاوەڕێ بن. ئەو چاوەڕوانییەش یان بە خۆشیی و بەختەوەرییە یان بە سزا و ناخۆشییە.

ئەم ئایەتە ئەوە دەردەخات، کە مرۆڤ لە دوای مردن بە چەند قۆناغێك تێپەڕ دەبێت تا دەگاتە ڕۆژی زیندووبونەوەی تەواو، کە ڕۆژی لێپرسینەوەیە، واتە بە پێی بیر و باوەڕی ئاینی ئیسلام مەرگ سەرەتای ژیانێکی ترە، هەر لەمبارەیەوە پێغەمبەری ئیسلام محەممەد( سەلامی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێت( البرزخُ القبرُ، وهو الثواب والعقاب بين الدُّنيا والآخره). واتە بەرزەخ ناو گۆڕە ئەویش پاداشت و سزایە لە نێوان دنیا و دوارِۆژدا.

لەلایەکی ترەوە ئەفسانەکانیش باوەڕیان بەوە هەیە، کە ڕۆحی مرۆڤەکان نامرێت و بە زیندوویی دەمێنێتەوە((دوای مردن گیان بۆ ماوەی سێ شەو و ڕۆژ لە ژوور سەری جەستە دەمێنێتەوە و بەجێی ناهێڵێ. لە بەرەبەیانی چوارەمین ڕۆژ بە شێوەیەکی تایبەت پێشوازی لەم گیانە دەکرێت))(خۆشناو،٢٠١٣: ١٨٠)واتە کەسانێك هەن و جیهانێك هەیە کە پێشوازی لە گیانی ئەو کەسە دەکەن و بۆ ماوەیەکی کاتی ئەو گیانە ئەگەر کەسێکی باش بووبێت ئەوا گیانەکەی دەچێتە شوێنێکی خۆش و ئەگەریش کەسێکی خراپ بووبێت ئەوا گیانەکەی دەچێتە شوێنێکی ناخۆش.

لە کۆتایی ئەم باسەدا گەیشتینە ئەو زانیارییەی، کە بەپێی بیر و ڕای زۆربەی زانایان و ئاینەکان لە دوای مەرگی مرۆڤ ژیانێکی نوێ دەستپێدەکات و مرۆڤ نەمر دەبێت، چونکە جارێکی تر نامرێتەوە و دەچێتە ژیانێکی جاویدانییەوە یان بە خۆشی و ئارامی یان بە ناخۆشی و ئازارێکی زۆر واتە یان پاداشت دەکرێت یان سزا وەردەگرێت.

**مەرگ کۆتایی ژیانە:** ئەوانەی باوەڕیان وایە، کە مەرگ کۆتایی دنیایە و بە مردنی کەسێك هەموو چیرۆکەکانی ئەو کەسە کۆتاییان پێدێت و لەوێ ئیتر ژیان دەوەستێت و تەواو دەبێت، ئەوانە زیاتر ئەو کەسانەن، کە بیروباوەڕێکی لەرزۆکییان هەیە بەرامبەر بە ئایین و لە هەمان کاتیشدا لە ڕووی فەلسەفییەوە کەسانی ئاست نزم نین.

ئەپیکۆر(٣٤١-٢٧٠ پ.ز) فەیلەسوفێکی یۆنانییە و لە دوای ئەفلاتونەوە دێت و پێی وایە((مادده بەشێوەیەك لە شێوەکان لە چەند دانەیەکی ژیان پێکدێت، جیهان بەرتی ئەپیکۆر لە چەند گەردیلەیەکی تایبەت، بازنەیی و ئاگرین پێکدێت، کە دەروون پێکدەهێنن. ئەم دەروونەش لەگەڵ جەستە گەشە دەکات و لەگەڵ ئەویش لە ناودەچێت))(شورون،١٩٦٤: ٦٨) واتە مەرگ کۆتایی بە هەموو بەرنامەیەك و پلانی ئەو کەسە دەهێنێت و کۆتایی ڕێگاکەیە و کەس ناتوانێت ئەو دیوی ڕێگاکە ببینێت و هەموو هەستێکی مرۆڤ دەکوژێت و بە یەکجاری چیرۆکی ئەو کەسە کۆتایی دێت.

ئەو ڕا و بۆچوونانەی پێیان وایە مەرگ کۆتایی هەموو شتێکە کەم نین و زۆرێك لە فەیلەسوفانی کۆن و نوێ ئەو بۆچوونەیان هەیە وەك(فتگنشتاین١٨٨٩-١٩٥١، ڕەسل١٨٧٢-١٩٧٠، ((فەیلەسوفە فەرەنسییە ماددییەکان لەسەدەی هەژدەهەمدا پێیان وابوو نکوڵیکردن لە مانەوەی نەفس بە نەمری هەڵوێستێکی ڕەسەنە))(شورون، و/ حسین،١٩٨٤: ١٥٧) واتە لەگەڵ ئەو ڕایە دابوون، کە پێیان وایە مەرگ کۆتایی چیرۆکەکەیە و نەفسیش بەشێکە لە پێکهاتەی کەسەکان ئەویش بە نەمری نامێنێتەوە.

دەبینین ئەو خەڵکانەی باوەڕیان بە ئاینێکی دیاریکراو نییە، کاتێك کەسێکیان لێ دەمرێت ئەوا زۆر دەشڵەژێن و هۆکاری مردنەکە بۆ نەخۆشی، ڕووداو، شەڕ و کوشتن...هتد دەگێڕنەوە واتە بۆنموونە دەڵێن: ئەگەر ئەو کەسە ئەمرۆ نەچوبا دەرەوە تووشی ڕووداوی هاتوچۆ نەبوایە نەدەمرد و ئەوانی تریش هەر وا، بۆیە زۆر خەفەت دەخۆن، بەڵام خەڵکانێك کە پەیڕەوی لە ئاینێکی دیاریکراوی ئاسمانی دەکەن، مەرگ بۆ هێزێکی نادیار دەگێڕنەوە کە خودایە و دەڵێن ئەجەلی هاتبوو لەو حاڵەتەشدا هەندێك ئاسوودە دەبن واتە دیسان دەیڵێینەوە ئەوەی چارەسەرێکی بۆ مردن پێیە هەر ئاینەکەیە.

## بەشی دووەم

## ١.٢. چەمکی مەرگ لای حاجی قادری کۆیی

لەبەر ئەوەی حاجی قادری کۆیی لە سەرچاوەیەکی ڕۆشنبیری ئاینی پێگەییوە، کەسێکی دیندار و بە بڕوا بووە. ئەگەر سەیری دیوانەکەی بکەین دەبینین حاجی دید و تێڕوانینی تایبەت بە خۆیشی هەیە لە بارەی مردن و مەرگەوە. ئەو بیرکردنەوەیەی حاجی وەکو کەسانیتر نەبووە، تەنانەت وەکو زۆر لە شاعیرانی تریش نییە، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت، کە حاجی تەنها شاعیر نەبووە، بەڵکو کەسێکی ڕۆشنبیر و خاوەن فیکر و دید و تێڕوانینی تایبەت بە خۆی بووە. بۆ نموونە ڕای جیاوازی بەرامبەر چین و توێژە کانی پیاوانی ئاینی هەبووە، ((چاوی لەسەر

کردەوەی بەدی شێخەکان کردووەتەوە کە لەژێر پەردەی خواناسی و ئایین پەرستیدا پارە و پوولی هەژار و کاسبکاران ئەڕووتێننەوە و سەریان لێ ئەشێوێنن و فێری تەمەڵی و گوێ بەکاروباری خۆ نەدانیان ئەکەن))(مەلاکەریم،٢٠٠٨: ١٨). لە ناو کۆمەڵگەی کوردیدا شێخەکان زۆربەیان نەخوێندەوار بوون و مریدەکانیشیان فێری گوێڕایەڵی کوێرانە کردووە و خەڵکی عەوام هەستیان بەمە نەکردووە، بەڵام حاجی چونکە کەسێکی ڕۆشنبیر بووە درکی بەمە کردووە و خۆشی لە شێخەکان نەهاتووە. هەر ئەمەش وایکردووە کە حاجی تێڕوانینی بەرامبەر ئاین وشك و داخراو نەبێت، بەڵکو کراوە و شارستانی بێت.

**ئەو دەقە شیعرانەی باسی مەرگ دەکەن:** لە دیوانی حاجی قادری کۆییدا لە زۆر شوێندا حاجی باسی مەرگ دەکات و ڕای خۆی لەسەر مەرگ دەردەبڕێت، لەبەرئەوەی حاجی کەسێکی خواناس و موسڵمانێکی وشیار بووە، بۆیە ڕای شاعیر زیاتر بەلای ئەوە دەڕوات، کە باوەڕی وایە مەرگ سەرەتای ژیانێکی نوێیە بۆ مردووەکە. لە هەندێك شوێنیشدا حاجی وای نیشانداوە، کە خۆی خاوەنی مەرگی خۆی نییە، بەڵکو هی خۆشەویستەکەیەتی هەروەك دەڵێت:

**ئەی خودا چ بکەم؟ ئەجەل لەملاوە قەسدی جانییە**

**دولبەریش ناردوویەتی: جان ماڵمە نەیدا بەکەس( ل: ٧٤)**

لەم دێرە شیعرەدا حاجی دەڵێت: ئەی خودای گەورە و میهرەبان نازانم چیبکەم و ڕوو لە کوێ بکەم لەلایەك ئەجەل هاتووە و داوای ڕۆحم دەکات، لەلایەکی ترەوە دولبەرەکەم واتە خۆشەویستەکەم پێی ڕاگەیاندووم، کە ڕۆحەکەم هی ئەوە و نەیدەم بەکەسی تر. ئەمەش ئەوپەڕی خۆشەویستی بۆ دولبەرەکەی دەربڕیوە، کە ڕۆحەکەیشی هی خۆی نییە و هی خۆشەویستەکەیەتی. لەم دێرە شیعرەدا شاعیر زۆر نائومێدانە دەڕوانێتە ژیان و لەنێو هەموو دروستکراوەکانی خودا، پەنا بۆ خالیق دەبات و ترسی خۆی لە مردن لێ ناشارێتەوە. دەیەوێ دوالیزمێکی دژبەیەك باس بکات بەوەی یان دەبێ دەستبەرداری یار بێت و یانیش دەبێ تەسلیمی مردن بێت. هەردوولایش (ئەجەل و یار) جانی ئەو دەخوازن. ئەم وردەکارییەی حاجی وەك ئەوەیە بڵێ هەردووکیان بەیەکەوە ناگونجێن، ڕەنگە بیباتەوە ناو ئەو بوارە فەلسەفی و مەنتیقییەی کە وەك مەحویش گواستویەتیەوە ئەویش (دوو دژ کۆنابنەوە)، ئەو دوو دژانەیش لەنێوان ئەجەل و دولبەر دان، دولبەر جان بە هی خۆی دادەنێ و خۆی لێ دەکاتە خاوەنی و نایداتە کەس، ئەجەلیش بۆ ئەوە دروست کراوە کە ڕاوی گیان بکات. لێرەدا شاعیر تێماوە و نازانێ تەسلیمی کامەیان بێت.

لە دێرە شیعرێکی تردا دەڵێت:

**وەها مەشغوڵی تۆیە جیسم و جانم**

**بە ڕۆح کێشانی خۆم زەحمەت بزانم**(ل: ٨٤)

لەم دێرە شیعرەدا حاجی ئەوەندە هۆگری خۆشەویستەکەی بووە و دەڵێت: ئەوەندە سەرقاڵی تۆیە ڕۆح و جەستەم، ئاگام لە ڕۆح کێشانی خۆشم نەماوە واتە مەرگی خۆم لە بیر چۆتەوە. لێرەدا شاعیر هەر دوو وشەی(جیسم و جان)ی بەکارهێناوە و بەمەبەستیش بەکاری هێناوە واتە شاعیر هەم بە ڕۆح و هەم بە جەستە یان بەواتایەکی تر بە ماددی و مەعنەوی هۆگری دولبەرەکەی بووە بە ڕاددەیەك کە ئاگای لە مەرگی خۆیشی نەبێت.

لە دێرە شیعرێکی تردا دەڵێت:

**ئەمین مەبە لە سبەینێ ئەمەت بەسەر دێنێ**

**حوادیساتی زەمانە کە نایەتە تەخمین(ل:١٠٤)**

وەك لە شیعرەکەدا بە ڕوونی و ئاشکرایی دیارە، کە حاجی مەبەستی لە ئەمین نەبوون بۆ سبەی واتە مرۆڤ نابێت لە ئەجەلی خۆی ئەمین بێت و نازانێت بۆ سبەی چیت بەسەر دێت، لەبەرئەوەی ڕووداو و کارەساتەکانی ڕۆژگار و دنیا ئەوەندە زۆرن نایەنە ژمار و پێشبینی ناکرێن. مەرجیش نییە حاجی تەنها مەبەستی مەرگ بێت لەوانەیە مەبەستی ئەوەبێت مرۆڤ لە دەوڵەمەندی بچێتە هەژاری، لە ساغییەو بۆ نەخۆشی ...هتد.

لە دێری دواتردا حاجی دەڵێت:

**وجوودی ئێمە کە ڕۆژی حەیاتی ئاوابوو**

**یەقین بزانە کە شەو لێکەڕاو و دەربەدەرین(ل: ١٠٤)**

لەم دێرە شیعرەدا حاجی ڕای وایە کە بوونی ئێمە لەوکاتەی کە ژیانئاوایی دەکەین دەبێت بە تەواوی ئێمانەوە بزانین و یەقینمان هەبێت، کە شەوەکانمان لی تێکچوون و بە بەتاڵی بەسەرمان بردوون لەوانەیە حاجی مەبەستی ئەوەبێت کە مرۆڤی باوەڕدار دەبێت شەوەکانی بە زیکر و خواناسیی بەسەر ببات نەك بە شتی بێ بەها و بێسوود، چونکە ئەگەر وابکەین واتای ئەوەیە ئێمە لە ژیانی خۆمان دەربەدەر و سەر لێ شێواوین.

حاجی لە دێرە شیعرێکی تر دا دەڵێت:

**ئەم ئەرزە کۆنە هەوارە، خەلایقیش کۆچە**

**تەماعی سووری نەبێ کەس لەژێری چادری شین(ل: ١٠٥)**

واتای ئەم دێرە شیعرە ئەوەیە کە ئەم دنیایە وەکو کۆنە هەوارێك وایە و مرۆڤیش کۆچەرییەکەیە، کۆچەرییەکان کە دەچنە شوێنێك هەوار هەڵدەدەن و دواتر کە دەڕۆن هەندێك کەلوپەل هەر دەمێنێت. دیمەنێکی نوستالیژی دەنوێنێت، حاجی بەردەوام دەبێت و دەڵێت: لەم شوێنە با کەس مەیلی بە شادی و خۆشی نەبێت لە ژێر ئاسمانی شین، یان لە ژێر خێمەی شین و گریان و خەم وخەفەت. هەروەها شاعیر لێرەدا باسی پووچی دونیا دەکات، بەوەی دونیا کۆنە و هەبووە و لە بنیادەم کۆنترە،

بەڵام مرۆڤەکان کۆچەرین و پێیدا تێدەپەڕن. دیمەنی ئەو کۆچە بە چادرێکی شین دەچوێنێ کە ناکرێ مرۆڤ بۆ ماوەیەکی کورت چادرێك هەڵدەدا و دواتر دەبێ هەڵیتەکێنێ، مادەم وایە ناکرێ تەماعی سووری هەبێ و پێی وابێ نیشتەجێی سەرەکییە. بەڵکو ئەو نیشتەجێبوونە کاتییە و ئەرکی ئەو کۆچ و ڕۆیشتنە.

کۆچکردنەکەیش ئەگەر بە واتا قووڵەکەی تەماشا بکەین، ڕۆیشتنە بەرەو لەدایکبوونەوەی تازە، وەك ئەوەی مرۆڤ لە کۆچدا بێت و کەی گەیشتە دوامەنزڵ ئینجا نیشتەجێی بەردەوام دەبێ و لەوێوە لەدایکدەبێتەوە و ژیانی بەردەوامەکە ئەوێیە.

حاجی بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

**دوو گەز زەمین و سێ گەز جاو و مستە خۆڵێکە**

**لیباسی پێخەف و ڕایەخ هەتا دەگاتە سەرین(ل: ١٠٥)**

واتە دوو گەز زەوی کە دەکاتە مەترێك و مەترێکیش خام کە زیاتر بۆ کفنکردنی مردوو بەکار دێت لەگەڵ مشتە خۆڵێك واتە خۆڵێکی کەم. ئەو زەوی و خامە لە جیاتی جل و بەرگ وسەرین و ڕایەخە، کە لە دنیادا لەسەری دادەنیشتین. حاجی لەوانەیە مەبەستی ئەوەبێت کە بەراوردێکی نێوان ژیانی دنیا و مردن بکات کە بەراورد ناکرێت.

لە شیعرێکی تردا حاجی دەڵێت:

**ئێمەش دەمرین دەبینە خاکی سەرەڕێ**

**ئەم ڕۆژ و شەوە تەنووری سوبحی دەگرێ(ل: ١٥٧)**

لەم دێرە شیعرەدا حاجی ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە هەمووومان دەمرین و هیچ شوێنەوارێکمان نامێنێتەوە و لەوانەیە گۆڕەکەمان ببێتە ڕێگای خەڵکی و کەس نەزانێت ئێرە پێشتر گۆڕی کەسێك بووە. لەنێوەدێری دووەمدا وێنەی ژیان وا پیشان دەدات، کە مرۆڤ بەرەو ئەو وێستگە حەتمییە دەبات ئەو شەو و ڕۆژانەی لە ژیاندا ماون، هەموو بەیانییەك گڕ لە ڕۆژێکی ژیان بەردەدات و بەرەو مردنمان دەبات.

شاعیر بە زمانێکی سادەی پڕ لە ئامۆژگارییانە دەیەوێ ئەو ڕاستییە کۆنە دوپات بکاتەوە کە هەر هەمووومان دەمرین، نەك هەر مردن و تەواو، بەڵکو بە تێپەڕبوونی کات دەبینە خاکی سەر ڕێی خەڵکیش، کەچی دونیا و گەردوون و زەوی و ئاسمان هەر وەك خۆی دەگەڕێ و پێویستی بە ئێمە نییە. ڕۆژ و شەو بە مردنی کەسمان لە کار ناکەون و ناوەستن. وەك ئەوەی ئاماژە بێ بۆ ئەوەی کە لە سەردەمی پێغەمبەردا ئەو ڕۆژەی ڕۆژ گیرا ئیبراهیمی کوڕی پێغەمبەر وەفاتی کرد، هاوەڵان وایان زانی کە بەهۆی مردنی ئەو بووە ڕۆژ گیراوە، ئیتر پێغەمبەریش (د.خ) فەرمووی ڕۆژ و مانگ دروستکراوێکی خودان و پەیوەندییان بە مردنی هیچ کەسێکەوە نییە. ئەگەر قووڵتر لێی بڕوانین شاعیر باسی کورتیی زەمەن دەکات کە زەمەنی ژیانی ئینسان بە بەراورد بە درێژی زەمەنی دروستکراوەکانی دیکەی خودا لە وێنەی ڕۆژ و شەو، زۆر کەمە، بەوەی ئینسان زوو دەمرێ و ناوی ون دەبێ و دەبێتە خاکی سەرەڕێ، کەچی ڕۆژ و مانگ تەنووریان هەر دادەگیرسێ و هیچ گۆڕانیان بەسەردا نایەت.

لە دێرە شیعرێکی تردا حاجی دەڵێت:

**ئەم باوکی مردووە یەخەی دادەدڕێ**

**ئەو بووکی نووی هەیە کەوای بۆ دەبڕێ(ل: ١٥٧)**

حاجی مەبەستی ئەوەیە وێنەی ژیانی دنیا بۆ ئێمە مانان بکێشێت، کە هەریەکەمان بە ژیانی خۆمانەوە سەرقاڵین. هەندێکمان شین دەگێڕین و هەندێکیشمان شایی. لە ڕاستیشدا ژیان بەمجۆرە خۆشە و مرۆڤ لەزەتی لێدەبینێت، ڕەنگە ئەگەر هەموومان ژیانمان هەبوونی و پڕ لە کەیف و خۆشی بوایە ئەوا لەزەتمان لێ نەدیبابە وەکو دەڵێن ڕەنگی سپی چ بەهایەکی دەبوو ئەگەر ڕەنگی ڕەش نەبوایە، یان ئەگەر شەو نەبوایە ڕۆژ چ بەها و نرخێکی دەبوو.

لە دێرە شیعرێکی تردا هاتووە:

**بێ بستە فەلەك ئاشەکی وای ناوەتەوە**

**بۆ هاڕدنی ئێمە چ عەجایب دەگەڕێ(ل: ١٥٨)**

لەم دێرە شیعرەدا حاجی ئەوەمان بۆ باس دەکات، کە ڕۆژگار ئاشێکی وای بۆ ئێمە دروستکردووە بێ ئەوەی ئەو ئاشە ئاسنی نێوان بەرداشەکانی هەبێت مرۆڤ دەهاڕێت و لە ناوی دەبات. (بستە) بە واتای ئاسنی نێوان دوو بەرداش دێت.

دیسان دەڵێت:

**لادێیش ڕەزی ئاو دەدات و وەردی دەبڕێ**

**حەیوانە دەزێ، سەگ دەوەڕێ، کەر دەزەڕێ**

**لوقمان لەمەدا شوانە گەر خۆی بکوژێ**

**گاوانە فلاتوون لە غەما گەر بدڕێ**

**ئەم دەستە کە چوو دەستەیەکی تازە دێ**

**مەعلووم نەبوو ئەم کەشمە کەشە کەی کۆتایی دێ(ل: ١٥٨)**

واتە ژیان لە گوند و ئاواییەکان بە ئاسایی دەڕوات، لوقمانی حەکیم، کە زانایەکی گەورە و پزیشکێکی ناوداری سەردەمی خۆی بووە، وەکو شوانێك وایە لە ئاست تێگەیشتنی دنیا و ژیان و مردن و زیندووبوونەوە. گەر خۆی بکوژێ لێی حاڵی نابێت. ئەفلاتونیش بەقەد گاوانێك لەم بابەتە نازانێت ئەگەر خۆی بفەوتێنێ لە خەمی

زانینی ئەو دنیایە ئەوا لێی تێناگات و سەری لێ دەرناکات. هەر چینێك دێت و چینێك دەڕوات کەسیش نازانێت ئەو دنیایە کەی کۆتایی دێت.

لە دێڕێکی تردا دەڵێت:

**عالەم هەموو مردن لە غەمی زانینی**

**ئەم حیکمەتەیان نەزانی هیچ لێی مەگەڕێ**

**لەم لاوە هەتا(حاجی) نەچێتە ئەولا**

**مومکین نییە تێبگا لەوە گەر بفڕێ(ل: ١٥٨)**

واتە خەڵك هەموویان هیلاك بوون لە حەسرەتی زانینی ئەم حیکمەتەی خودا کە بوون و مردنە و بەڕێکردنی ژیانە، بەڵام نەیانزانی کەواتە هیچ پێویست ناکات خۆت زیاتر ماندوو بکەیت و بەدوایدا مەگەڕێ. هەرچەندە لە هەندێك زاری کوردیدا لێی مەگەڕێ بە واتای وازلێنەهێنانیش دێت.

لە دێڕی دووەمدا دەڵێ: هەتا لەم دنیایە نەچمە ئەو دنیا کە قیامەتە، بەواتایەکی تر هەتا نەچمە ناو پرۆسەی مردنەوە بشفڕم لەم هەڵو مەرجە تێناگەم. وەك لە پێشەوەش باسمان کردووە، کە مرۆڤ ناتوانێت بە تەواوی لە چەمکی مەرگ تێبگات، چونکە بەم پرۆسەیەدا نەڕۆیشتووە هەر کاتێکیش چووە ناو پرۆسەی مردنەوە ئیتر ناگەڕێتەوە دنیا تاوەکو بۆ خەڵکی بگێڕێتەوە.

لە دێرە شیعرێکی تردا حاجی دەڵێت:

**هەموو عومرم لە ڕێی هات و نەهاتی**

**بەسەرچوو ئەی ئەجەل هەر تۆ نەهاتی(ل: ١٧٠)**

واتە هەموو تەمەنم لە ڕێگای هات و نەهات مەبەستی خۆشیی و ناخۆشییە تەمەنم لەم ڕێگایە بەسەرچوو ئەی ئەجەل، ئەی مەرگ، ئەی مردن تۆ هەر نەهاتی. لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە تێگەیشتنی حاجی بۆ مەرگ تێگەیشتنێکی دیندارانەیە، کە مەرگیشی بە دەست خۆی نییە. ئەم بۆچوونەی شاعیر هەمان بۆچوونی سۆفیگەرە گەورەکانی دونیای ئیسلامە، کە جۆرێك لە نائومێدبوون ڕوویان تێدەکات و پێیان وایە دەبێ زوو لەم دونیایە دەرچن تا لەودیو بگەنە ژیانێکی هەمیشەیی .

هەندێ جار ئەمە لە شیعری کلاسیکیدا تایبەتە بە عاشقان، مەحوی گوتەنی:

**لە حینی نەزعی ڕۆحا ڕۆحی عاشق**

**وتی ئۆخەی لە میحنەتخانە دەرچووم (دیوانی مەحوی ل: ٢٦٨)**

هەندێ جار ئەجەل وەك قاتیلێك سەیرکراوە و شاعیر ئامادەیە ئەجەل بێ و بیکوژێ، وەك ئەوەی شاعیران دەڵێن یار بەڵێنی دا کە سبەینێ بێت و بمکوژێ، کەچی خاوەنی بەڵێنی خۆی نەبوو و نەهات. لێرەشدا شاعیر خۆی ئامادەکردووە بۆ مردن و هەموو عومری لەو ڕێیە بەسەر برد کە چاوەڕێیە هات یان نەهات، کەچی ئەو وادەیە بەسەرچوو و ئەجەل هەر نەهات، چونکە شاعیر تامەزرۆی بینینی یار یان خودایە، بۆ ئەوەی بگاتە پلەی کەمال، چونکە ژیانی دونیا مومکیناتە و گەیشتن بە واجیبولوجود دووری ئەخاتەوە لەو مومکیناتە کاتییە.

لە قەسیدەی (خوسرەو و کەیقوباد) دا دەڵێت:

**خوسرەو و کەیقوباد و ئەسکەندەر**

**وەکوو کیسرا و کاوس و قەیسەر**

**هەموو تێکچوون و پاکی فەوتاوە**

**نە سیلاح و نە سککەیان ماوە**

**واقیعەن وایە وەك بەیانم کرد**

**هەرکەسێ زا، بە ناعیلاجی مرد**

**مەرگ و ژین میسلی سێبەر و تاوە**

**ئەوی باقی بمێنێ هەر ناوە**

**چونکە هەرچی لە داری دنیایە**

**دێت و دەڕوا، هەمووی وەکوو بایە**

**سەد شەهەنشاهو پادشا مردن**

**سەیری کە کوردی ئێمە هەر کوردن(ل: ٢١٤-٢١٥)**

لەم چەند دێرە شیعرەی سەرەوە حاجی باسی مەرگ دەکات بەوەی، کە هیچ کەس ناتوانێت خۆی لێ ڕزگار بکات ئەگەر شا و سەرکردە و مرۆڤی زۆر بەهێز بن وەکو (کیسرا)ی پاشای فارس و (هرقل)ی ڕۆم و ...هتد کە هەموویان سەرکردەی چەند گەورە و بە هێز و دەسەڵات بوون، بەڵام فەوتان و نەمان، نەك هەر خۆیان پارە و سامان و سککەشیان نەما، حاجی پێی وایە تەنها ئەو کەسە نامرێ ئەوەی لەدایك نەبووە، ئەوەی لەدایکبوو مەرگ یەخەی دەگرێت و دەچێتەوە فەنا.

ئەو دێرە شیعرەی سەرنجی منی ڕاکێشا، کە ئەو توێژینەوەیە بنووسم ئەوەیە کە دەڵێت:

**مـەرگ و ژیـن میسـلی سێبـەر و تـاوە**

**ئـەوی بـاقـی بمێنـێ هـەر نــــــاوە**

ئەگەر سەیری ئەم دێرە شیعرە بکەین دەبینین حاجی زۆر وەستایانە وەسفی ژیان و مردن دەکات و مەرگ بە سێبەر دەچوێنێ کە زۆرجار سێبەر بە واتای تاریکی و شەو و زوڵمەت بەکاردێت، ژیانیشی بە هەتاو چواندووە واتە ڕوناکی و شەوق و هێز و ژیان و چالاکی. ئەوەی لەم ناوە دەمێنێتەوە هەر ناوەکەیە و بێ ناوەرۆك. کاتێك کەسێك دەمرێت بۆ ماوەیەك بە گەرم و گوڕی باسدەکرێت و دواتر تەنها ناوەکەی دەمێنێتەوە. بە واتایەکی تر مرۆڤی باش و چاکەکار لە دوای مردنیش هەر باس دەکرێت و ناوەکەی لەسەر زاران دەمێنێتەوە.

لە کۆتایی ئەم چەند دێرە شیعرەی بەنموونە هێناومانەتەوە، کە چەند دێڕێکە لە قەسیدەیەکی درێژ حاجی دەڵێت:

**سـەد شـەهـەنشـاهـو پـادشـا مـردن**

**سـەیری کـە کـوردی ئێمـە هـەر کوردن**

واتە ئەو هەموو پاشا و سەرکردانە مردن و لەناو چوون، سەیری بکە کوردی ئێمە هەر کوردن. لەلایەك بە واتای ئەوە دێت کە کوردی ئێمە بە هێز و خۆڕاگری ماونەتەوە، واتە هەستی نیشتمانی و کوردایەتییەکەی بەکارهێناوە، لە لایەکی ترەوە مەبەستی ئەوەیە، کە کوردی ئێمە پەند و ئامۆژگاری وەرناگرن و هەر لەسەر نەزانیی و نەخوێندەواری و خۆخۆرییەکەیان بەردەوامن. مەبەستی شاعیر ئەوەیە ژیانی میللەتانی تر لە گۆڕانکاریدایە و ئەو گۆڕانکارییە وای کرد کە سەدان شاهەنشا و پادشای میللەتان بمرن، کەچی کوردی ئێمە هەر لە شوێنی خۆی ماوەتەوە و خۆی نەگۆڕیوە.

لە قەسیدەی **(وەرە سەیری بزانە لاوی کۆیی)** دا حاجی باسی زۆر شت دەکات لە ناویشیاندا باسی مەرگ و مردن دەکا و دەڵێت:

**لەدنیادا ئەوی باقی بمێنێ**

**لە عوقبادا گوناحی پێ نەمێنێ**

لەم دێرە شیعرەدا حاجی مەبەستی ئەوەیە، کە بڵێت ئەو کەسەی لە دنیادا بۆ ساڵانێکی زۆر بمێنێت و نەمرێت ئەوا زۆر پیر و کەنەفت دەبێت و دەکەوێتە سەرجێگا و منداڵەکانی زۆر پێوەی ماندوو دەبن و ڕەزالەت دەبینێت بەمەش لە(عوقبا)دا واتە عاقیبەت یان کۆتایی ژیان و سەرەمەرگ ئەو کەسە پاك دەبێتەوە لە گوناح و وەکو ئەوە وایە گوناحی پێنەمێنێت. ئەمەش جۆرێکە لە مەرگ و ئەم بۆچوونەش پێی وایە کە مەرگ سەرەتای ژیانێکی ترە.

لەکۆتایی توێژینەوەکەماندا دەتوانین بڵێین حاجی قادری کۆیی نمونەیەکی بەرزی لە شیعر پێشکەشکردووە و لە زۆربەی بوارەکاندا ئەسپی خۆی تاوداوە. بابەتی مەرگیش، کە لە دێر زەمانەوە خەڵکی بە خۆیەوە سەرقاڵکردووە و زانا و دانا و فەیلەسوفەکان ویستوویانە زانیاری زیاتری لەسەر پەیدا بکەن. کاتێك بینیویانە کەسێك بەبێ هیچ هۆکارێکی تەندروستی دەمرێت، ئەو مردنە چییە؟ ڕۆح چییە و لەکوێی جەستەدایە؟ کاتێك مرۆڤێك دەمرێت ئەو ڕۆحە بۆکوێ دەچێت؟ ئەم پرسیارانە و چەندان پرسیاری تریش وایکردووە، کە بابەتی مەرگ بەهەند وەربگیرێت و توێژینەوەی زۆری دەربارەوە بکرێت.

حاجی یەکێك بووە لەو شاعیرانەی لە دیوانەکەیدا باسی پرسی (مەرگ)ی کردووە و لە چەندین شوێندا دید و بیروبۆچوونی خۆی لەمبارەیەوە دەربڕیوە، کە شایانی لێوردبوونەوە و توێژینەوە لەسەرکردنن. ئەو کەسەی توێژینەوە لەبارەی مەرگ و لەشیعرەکانی حاجی دەکات، ئەویش هەندێك سوکنایی بە دڵیدا دێت و زانیاری زیاتر لەبارەی مەرگ وەردەگرێت.

## ئەنجام

لە کۆتایی توێژینەکەماندا گەیشتینە چەند ئەنجامێك وا لەخوارەوە دەیانخەینە ڕوو:

- لەم دیوانەی، کە ئێمە کارمان لەسەری کردووە لە هەشت شوێنی جیاواز حاجی قادر باسی مەرگ و مردن دەکات.
- لە بەشێك لەو شیعرە کوردییانەی لە دیوانەکەیدا باسی مەرگ و مردن دەکات ڕای وایە، کە مەرگ کۆتایی ژیان نییە و سەرەتای ژیانێکی ترە، کە ڕۆژی دوایی و لێپرسینەوەیە.
- لە بەشێکی تریشدا وای لێ تێدەگەین کە مەرگ کۆتایی بە هەموو بەرنامەیەك و هەموو پلانێك دەهێنێت.
- هەرچەندە حاجی قادری شاعیر ڕوو لە ئەستەنبول دەکات و دنیای فراوانی تر دەبینێت، بەڵام لەسەر دابونەریت و بیروباوەڕی خۆی دەمێنێت و وەکو موسڵمانێکی پابەند بەئایینەکەی خۆی هەڵس و کەوت دەکات. ڕوانینەکانی بۆ مەرگ لە چوارچێوەی تێگەیشتنی باوەڕدارانەدایە.
- لە هەندێك شیعردا حاجی وا خۆی نیشانداوە، کە لە مەسەلەی مەرگ حاڵی نییە و مەندەهۆشە. واتە هەرچەندە کەسێکی زاناو تێگەیشتووش بووە، بەڵام هەر لێی حاڵی نابێت. وەك لە لاپەڕە ١٥٨ ی دیوانەکدا هاتووە.

## سەرچاوەکان

قورئانی پیرۆز.

کتێبی پیرۆز

خۆشناو، فەرهاد عەزیز خۆشناو(٢٠١٣)، ئەفراندن و مردن لە ئەفسانەی کوردیدا بە پێی ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکان، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

سەراج، عەبدوڵڵا سەراج (٢٠١٣)، دۆنایدۆن یان بەدگۆڕان، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.

عوسمان، هەرێم عوسمان (٢٠١٣)، چەمکی مردن لە زمانی کوردیدا، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

کەریم، عەلی مستەفا کەریم (٢٠١٣)، جیهانبینیی ئایینی و میتافیزیکی لای گۆران، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

کەریم، محەممەدی مەلاکەریم (٢٠٠٨)، دووبابەت لەبارەی بیرو شیعری حاجی قادری کۆییەوە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر.

مودەڕڕیس، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس (١٣٨٧)، دیوانی مەحوی، انتشارات کردستان، چاپی سێیەم، سنە.

میران و شارەزا، سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا (١٣٩٠)، دیوانی حاجی قادری کۆیی، انتشارات کردستان، سنندج.

الرفاعي، عبدالجبار الرفاعي (٢٠١٩)، الدين والظمأ الأنطولوجي، مركز الدراسات وفلسفة الدين، الطبعة الرابعة، بغداد.

حنون، نائل حنون (٢٠١٨)، الحياة والموت في بلاد الرافدين القديمة، بحث في المعتقدات الدينية والأساطير القديمة، دار الشؤون الثقافية، الطبعة الثانية، بغداد.

شورون، جاك شورون (١٩٨٤)، الموت في الفكر الغربي، ت/ كامل يوسف، المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، الكويت.

DailyVerses.net .

Original Article |**DOI**: https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp243-251